هەر مسوڵمانێک سێ (منداڵی) بمرێت پێش ئەوەی پێبگەن (باڵغ بن)؛ خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە بەهۆی ڕەحمەت (وبەزەیی) بەرامبەریان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر مسوڵمانێک سێ (منداڵی) بمرێت پێش ئەوەی پێبگەن (باڵغ بن)؛ خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتەوە بەهۆی ڕەحمەت (وبەزەیی) بەرامبەریان».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هەر مسوڵمانێک سێ منداڵی بمرێت ئەگەر کوڕ بن یان کچ بن یان کوڕ وکچ بن ونەگەیشتبن بە تەمەنی باڵغ بوون؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورە ئەو مسوڵمانە ئارامگرە وڕازییە لەسەر قەزا وقەدەری خوای گەورە بکاتە بەهەشتەوە بەهۆی ڕەحمەت (وبەزەیی) بەرامبەریان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8875